


# خپ!...

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

فرەجار دەچووە سەر لاپەڕە ١٧٨، لێیەتی دوو دێڕەی خەت لەبن کێشراو، خۆی بەقەڵەم ڕەساص دیارەندوویەتی. لە ناو بژاردەشیعری (باڵەکانی ئاو) هەر ڕۆژەیەکی لێکدوور، دەقی شاعیرێکی دەخوێندەوە، جا درەنگەی شەوو بەر لە خەوتن، خولیا دەیبردە سەر لاپەڕەی ژمارکراو، دەیکردەوە، ماهۆنەر تێدا نووسیویە:

که نوستی، لەوە نزیکی که تۆ کوڕمی

نەک پیاوێکەو دە صاڵ لە من گەوەرەتر بێ.

ژنەکەی زوو دەخەوێ و زووش لەگەڵ بانگدان هەڵدەستێ، بەر لە نووستنەوە، کەرستەی تاشتی بە نیمچەیی ئامادە دەکات، دایدەنێ تا بەیانی لە خەو هەڵسن، ئەو بۆی لێدەنێ و پێکەوە دەیخۆن. دەیدیت مێردەکەی لەسەر پشت نوستووە، کتێبەکەش بەکراوەیی ڕووەو سنگی ترنجاوە.

ئەمە نیو سەدەیەکە، لێڕاهاتەی ئەم دیمەن و ڕەفتارەیە. بەسپا کتێبەکە هەڵدەگرێ و لەسەر زەمینەی تەنیش جۆشەگ، بە هاوچۆنیەتی کرانەوەی خۆی دایدەنێتەوە، جا تەلەڤزیۆنی پێبوەی بێدەنگکراو، لە سەر قەناتی (ڕۆتانا کلاسیک)، فلمێکی مصری پێشان دەدات، چەنبارە بووە و غەمباسەیە، دەیویست بیکوژێنێتەوە، نەیکوژاندەوە، چاوی داخست و لە دڵی خۆی وتی:

– لە پاش تاقانەی جوانەمەرگ، ئەو ڕەشفیلمانە هاوپۆشمن... هاوخەممن. پێشتر فیلمەڕەنگینەم پێخۆشتر بوو، چەن مانگێکە بە بینینی فیلمی ڕەشڕەنگ و سپیڕەنگ منی ڕاهێنا، بەکۆمیدیای ڕەفتار و پەلەی گوفتار، بەدەنگی بەرزتر و خێراتر لە دەنگی تەلەڤزیۆن، پیاوەکەم (خوا بیپارێزێ) زمانە مصرییەکەیانی بۆم دەکردە کوردی، ئەبەو قەشمەر و عەنتیکانە دڵم وردە وردە دەگەشایەوە، ئاشنای ناوەکانیان بووم

... شکۆکە... ئیسماعیل ئاسین... زەینەت سدقی، لە بیرمە بە گچکەیی تا عازەبی لە تەعجیل ئەلەو نەوحانە... ژنی لەبلەبان و سوعبەتچی هەبوون، لە تەسکەی کۆلانی ئێمە، تەلەڤزیۆنی لێ نەبوو، پیرەژنەی زیندووی ددان پاقر، دوورەماڵەو جاروبار دەهاتە کنمان، بە جەمێک خۆراک و کەچەجل، قسەی عەجاییباتی قەومانە، خەنیمانی دەکرد.

بۆرایی دنیا نەختێ ڕۆنتر بوو، کابرا وەخەبەر هات، ویستی بە قەفەی پشئەنگوس چاوی خۆی هەڵبگلۆفێنێ، خەیاڵێک بردییەوە. ژنە خێرا بە سووکە بزاڤێکی دەسچەپ بۆی هێماند:

– نەکەی... لە بیرتچوو دەتگۆ وەختی خۆی، لە گەڕەکی بنهێڵەی هەژاریی دەژیاین، منداڵان (منیش لەوان) بە دەستی چڵکن، توند چاوی خۆیان هەڵدەخوراند، پاش ساتێک ژنەکەی نەختێ کپ دەبوو، خەستەخانەش لە بنی دنیایە.

پیاوەکە گوتی:

– تا ئەو زەمان، ئەوەی لێی زانیبا، خۆخوراندن چارەیەکی نزیکە و بەلاشە.

ژنە پڕ بە گوپی خۆی، پرمە و خەندەیەکی کرد، وتی:

– کتێب گەورەی کردی، چاویشت هەر بە صاغی مایتەوە، جوانیشە!

پیاوەکە بەم مەتحەی شادا، گوتی:

– یەک شەمەندەفەر کتێبم خوێندووە، دەروونم خۆم فێرە دیالکتیک کرد.

ژنە هەڵوەستەیەکی کرد و سێ پەنجەی خستە سەر دەمی خۆی، پیاوەکەی وەک جاری وەها، هەستی کرد لە مانای وشەیەک نەگەیشتووە، بۆی گوت:

– حژ و دژ، هاوکاتە کار دەکەن، ئەی دیالکتیکی من، چاوی خۆم فێرە پیتخۆرە.

ژنە لەو ئاخاوتنەی مێردی شارەزابوو، وتی:

– منیش حژودژانێ لەگەڵ تۆ دەکەم، ئاخیرەن لێم دەپرسی ئەو وشە ژنانەیە مانای چییە؟

پیاوەکە ڕاست و چەپی هەردوو لاپەنجەی، بە نەرمەڕاکێش بە چاوی خۆیدا هێناو پێیەوە ڕۆنبین بوون.

ژنەکە وتی:

– تەمەنێکە دەڵێی کتێب دەمنوێنێ، سێ چوار مانگە تەلەڤزیۆن خپ پ... دەتخەوێنێ.

. ها... !

پیاوەکە لە دڵێخۆ ئەوها لە پرسیارەکەی گەیشت، تێدا دەڵێ:

– هەوکە کێهەیان دەتخەوێنێ، دەیەڵڵا... ببیسم لێت؟!

بە دەنگێکی نیوەبێزار گوتی:

– کتێبە... تەلڤزیۆنە... (دۆ)یە، کچێ خواخوامە بنووم.

ژنە وتی: ئەوەت باشە نەبوویە مەرەقخۆرەی حەبخەو.

پیاوەکە بەروەڵامەی نەبوو، قسەکەی پێ هاندەر بوو.

– لەوەتی بوویمە ژنت کتێب دەخوێنیەوە.

ئەلێرە، هەستی بە گلوگازاندە لێ کرد، گوتی:

– تۆ کتێب ناخونیەوە !

ژنە وتی: با... !

پیاوەکە بەهاونزمی بێژەکەی، زوو گوتی: ک؟

ژنەکە وتی: هەر کتێبەکت دەخوند، کورتوچڕ بۆمت دەگۆتەوە.

پیاوەکە گوتی: لەوەی باشتر...! من لە بۆخۆم بەچاو... تۆش لە منەوە بە گوێ.

ژنە ئەو دابەشەی پێ پەسند، وتی:

– لە خەو خۆشتر، جۆش و تێسۆزەی هاوخەونم، هەر ئی کتێبەکانتە!

پیاوەکە گوتی: هەندەجار خەونم لێ دەجڕنێ و دەڤڕنێ.

ژنە زێدەبێژ بوو: ئەوە چەن ڕۆژە ناوەڵڵا، لەکنم دوو حەفتەیە، بەیانیان هەمان کتێب هەڵدەگرمەوە، نەشتگۆ..... پێشتر بە ڕێس ڕێسە زارت، منت دەخستە ناو کتێبەوە، بیرمە لە نۆتەکی شەوێکی زستانەی بێ کارەبا، چاوم نوقاند و نەنوقاند، بەشکەم پشیەخەوێ ئسراحەتم داتێ و....

پیاوەکە قسەیەکی بۆ پێوەنووساند:

– خۆت فێرە ئەو خووە کردووە، پاش شیوخۆرە هەرکە سەرت کەوتە سەر بالیف، ئەوە تۆ خەوتی... ئاگام لێبوو دەتگۆ ئازارت دەدەن،

پرتـە و نـووزەت دەهـات هـەر (خـەو... بابـە)ت لـە سـەرزار بـوو، ئـەو بابەخـەوە ئـێ سـەردەمی پێـش شـووییتە... ئـەوە ئـی ئـەو وەختـی، سـەرە دیقانێت لەگـەڵ دەکـردم و زۆر لـە بابـت دەترسـای ...!

– کـوڕە ئـی پـاش شـوومە، ئـی خوتـە، لـۆت بگێڕمـەوە کـووت لـۆ گێڕامـەوە..

– قیچەک ...

– دەعبایـە... دەعبـا، دوو برایەکـە چوونـە غاباتـێ، لـەوێ کوشـتیان.

– ژنـێ... ئـەو خەوبابەیـە (خمبابە)یـە، ئەفسانەیەکی زۆر قەدیمـە ئـی سـۆمەرە، تـرس و سـامەکەی ئـاوەژوو کردایـە، بـۆت دەبـووە قاقـا و قەشـمەری.

پـاش دەمێـک خامۆشـی، مێـردە ڕاکشـاوەکەی نیوەلەشـی خـۆی قیـت کـردەوە

ژنـە، بەکۆنتـرۆڵ وەریسـوڕاندە لای (ڕۆتانا مۆسـیقا)، (جـۆرج وەسسـووف) بـە ڕەنگاوڕەنگی دەرکـەوت، بـە دەنگـی کەرخـاوی گۆرانـی دەڵـێ، زوو بیـری هاتـەوە کوڕەی خـۆی، زۆر شـەیدای بیسـتن و دیتنەکـەی بـوو.

ژنـە لەسـەر جێـی خـۆی، ڕوو لـە مێـرد ڕاکشـا، پیـاوەی بـە دەنگێکـی خەمخۆرانـەی بڵنـد، گوتـی:

– بە خشکە وەرەپێش.

ژنـە گۆزێکـی دا، پیاوەکـە نەختـێ بالیفەکـەی بردەپێـش، گوتـی: دەی گۆزێکـی تـر.

ژنـە لارانـە سـەری خـۆی گەیانـدە سـەر بالیـف، پیاوەکـە لچکـی فۆتـە سـپییەکەی بـە ئـاوی دەبـە تەڕکـرد و فرمێسـکی مەنگبـووی بـۆ سـڕییەوە، هـەر دوو ڕووی بـە خەنـدەی لێکنـۆڕ، شـادانە و یادانـە بـوون.

پیاوەکە بە نەرمەپەلار، گوتی: جۆرج وەسسوووف!؟

ژنە زوو وەڵامی دایەوە: ئەرێ وەڵڵا وەکی کوڕمە!

پیاوەکـە ویسـتی قسـە بـکا، ژنـە زوو بـە دەنگـی دابـڕ و بڵندتـر، وتـی:

– نایبینی وا ڕووت و ڕەجاڵ دەتلێتەوە؟!

پیاوەکە ویستی پێچەوانەی بۆ بسەلمێنێ:

کچێ بە پـارەی کلیـپ هـەزار جار و زێتریش، لـە ئێمـە دەوڵەمەندتـرە!

ژنـە: ئـەوەی لێـم دیـارە ئـەو هـەوە، دەتەماشـای ڕوخسـار و دەنگـی بکـە، سـەردولکەبێژەی خۆیەتـی، زگـم بـۆی دەسـووتێ!.

پیاوەکە هەستی بە دڵڕەقی خۆی کرد:

– نـا هـەر بەڕاسـت خـۆی نەخۆشـە و دەنگریەشـی هـەر خۆشـە، پێـش چـەن صاڵێـک، دەنگوباسـی بـڵاو کرایـەوە، مـردووە، پـاش یـەک دوو سـەعات گوتیـان نەمـردووە، ئـەوە دیکەسـەیە، جـۆرج ناوێکـە و مـردووە.

ژنە بە سۆزێکی دایکانە، وتی:

– ئـەوەی نـاو دەنگوباسـەکە، حەتـا حەتایـە مردووە، ئـەوەی مـن دەنـگ و یـادی زینـدووە، صـەت جـاری دکـە گۆرانییەکانـی بـە چـاوی خـۆم دەبینـم و بـە گێـی خـۆم دەبیسـم.

پیاوەکـە شکستەسـۆز بـوو، بابەتەکـەی گـۆڕی، گوتـی:

... لەم شیعرەی... لەم شیعرەی...

ژنە بە گۆڕەگۆڕ وتی: دیقم کرد، دەبیڵێ کێ؟!

پیاوەکە، لـە دڵـی خۆی گوتی (هەوکە، بەگوتنەیەکی مۆسیقایی دەیشادێنم):

– نێرهۆنەر دەڵێ:

ژنەکەم نوستووە کپ... خپ و خپ و خپ...

هاوتەمەنمە، خۆزیا دەصاڵ لەمن بچووکتر دەبوو.

ژنەکە خۆی بەردڵ کرد:

– ئەوجـارە زۆر ئاسـانت نەکـردەوە، بـەس خـۆم تێگەشـتم، ژنەکـە ئەمنـم...

پیاوەکە هاوڕایی بۆ کرد، گوتی:

– تـەواو.... زۆریـش تـەواو... کـە چیـرۆک و سـەربوردە بـێ، خـۆت بـە ئاسـانی لێـی دەفامـی و لێکدانـەوەی بـۆ دەکـەی... بـۆ منیـش تـازە ئـەم لاپـەڕە شـیعرە، چەقیـوە و پێـم نابـزوێ... واتـا و سـاواتای قەپاتـە و بـۆم ناکرێتـەوە

ژنەکە زیاتر ئاراما، وتی:

– بـە مـن دەکرێتـەوە، پیاوەکـە لـە پێشـمەو وا دەیبینـم، ئەتـووی حەڵاڵـەی خۆمـی.

پیاوەکە زاری نەکـردەوە، بـەس لالانـە گوتـی: ئـم، ئـم، ئـم !

بە